بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
# ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٩

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

به پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە ٢١ /١/٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩**
**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم:

١- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق.

٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و نارەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاو دەکرێتەوە.

دووەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەلوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست رۆژی پێش کۆتایی خولی هەلبژاردنی بە مەرجێك رۆژی هەلبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەلوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەلبژاردنی رەت نەکات.

پازدەم: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکان لەسەرپالاوتن پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

نۆزدەم: سەرۆکی هەرێم هەر دەسەلاتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێ لەگەلّ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**١٣/ ڕێبەندان / ٢٧٠٨ ی کوردی**
**٦ / سەفەر ١٤٣٠ ی کۆچی**
**٢ / شوبات / ٢٠٠٩ی زایینی**